کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-5-2007 0:02بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هەرەسی ئەمریکاییزم ... عەزیز خدر عەبدولا

داتەپینی کاریزما وهەیمەنەی دەسەلاتی ئەمریکی لەدوای سالی دوو هەزارو یەک وبەتایبەتی لەسەددە ی بیست یەکەم و تیکشکانی میتافوری دەسەلاتی ئەمریکاوهەریەک لەچەمکی خوبەقەبەزانینی ئەمریکیە کان لەبەردەم ستراکچەری نغروبون وفەوتان و ولەدەستدانی سەرکاری وسەرنەکەوتن بەسەر هەورازە کانی پروژەی گورینی روژهەلاتی ناوەراست ... کروکی ئەم نوسینەیەوهەروەها دەشیت بەچەند سە ردیریکیش باس لەو داروخانەگەورەیەی ئەمریکا بکەم کەلەجەنگی دژەتیرور بەدەسەتەواژەیەکی ئە مریکی یانیش جەنگی دەم وچاوپیچراو و دەمامکدارەکان دا بەرپای کردو ویستی بەجیهان بلیت منم چە کوک دەکیشم بەهەموو ئەوانەی کەلەدەرەوەی ئەمریکاییزمدان وخویان لەدەرەوەی ئەم جەمسەرەدەدوزنە وەو خەریکی سەرەتاتکیی مەجادەلەی سیاسین وەدەیانەویت بلین نەخیر بو ئەمریکایی بون و نەخیر بو بەخشینی هەر ناسنامەیەکی تەزویر کەلای ئەمریکیەکانەوەبیت، وەدەیانەویت جورەبەربەرەکانیەک بکە ن ویانیش لەگەل ویستی ئەمریکادانین وچەلەحانییانەجا بەهەر بیانویەکەوەبیت.

دیارەچەکوش کیشان بەو هەمووانەی کەلەدەرەوەی بازنەی ئەمریکادان سەرەتای ئەم داتەپینەیەوهەر ئە م چەکوشەش ئاوساوەبەوئەزمەسیاسی وسەربازیەی لەئاست هاوکیشەکانیان لەعیراق وداهاتوویان لە روژهەلاتی ناوەراست وکیشوەری ئاسیا بەگشتی رووبەروویان بوتەوە، ئەوا ناشتوانن لەبەرامبەر نەیارە دیرینەکانیان وەک چین وکوریای باکورو ئیران وچەندین حزب و ولاتی ئیسلامی لەروژهەلاتی ناوەراست ئە م ئەزمەیەهەراج نەکەن وبیشارنەوە. گەر بەچەند دیریکیش بیت دەشیت ئەم چەکوچانەناو بینم کەئە مریکا خەریکی وەشاندنیانەو یانیش وەشاندونی هەریەکەلەکەمبودیاولاوس وفیتنام وسومال وژاپون وئە فغانستان و هتد... ئیستاش وا لەعیراق و وەمرخی لەئیران وسوریاش داوە.

هەرچی لایەنی هەیمەنەکەیەتی دیارەئەمریکای پشت ئەستوورەبەئابووریەکی رەگ بەهیز و ژمارەیەک لەسەربازی مەشق پیکراو وچەک تەقەمەنی سەردەم وهەبونی سەرمایەی سەیفکراو وچەندان هوکاری تری وەک خاوەن سەروەری تایبەت بەئەمریکا، کومەلی حالەتی بایولوجی وسایکولوجی وهەروەها کومەلی هوکاری سیاسی دەرهاویشتەی ئەوەن وەک سەرکردەو ریش سپیەکی جیهانی مامەلەبەسەر جیهاندا بکات وببیتەعەنتەریکی زلهیز، ئەمەویرای دەست گرتن بەسەر ئابوری وسەرمایەی جیهاندا، لەهەمان کاتیش ریش سپیەتی ئەمریکا زور هەرای ناوەتەوە واخەریکەبەرەو قرخنی دەروات وبنوشتیتەوەکەئەمەدەشیت شایەنی قسەلەسەر کردن بیت.

شاراوەنیەکەزور هوکاری تری ناوخوی ئەمریکی ودەرەکی بون بەهەوینی پوکانەوەو قرخن بونی ئەم دەسە لاتەی کەناوم هینا لەسەرەوەبو نمونەلەناوخوی ئەمریکا کومەلەکیشەیەک مەترسیدارترین هەرەشەن لە بەردەم داهاتووی ئەمریکا وجەماوەرەکەی بومەسەلەی ئابووری دانیشتوان و دەسەلاتگەلی ئەمریکا وگەلە کەی وە چەندین کیشەی تری جیوپولەتیک ودیموگرافی وزوربونی ریژەی دانیشتوان وهاتنی کوچبەریکی ئیجگار زوری کاریبی و ئەفریقی و زوربەی کیشوەرەکانی جیهان* و وەهەروەها لەدەستدانی متمانەوبروا بەدەسەلاتەلوکالیەکەیان لایەن ئەمریکیەکانەوەبەتایبەتی دوای تەقینەوەکەی یازدەی سیپتەمبەر هتد... سەرباری ئەمانەش ئەو هەموو مقومقو پارادوکسەسیاسیەی کەنەیارەکانی هەیانە لەناوخوی ولات لەسەر ئەو بارودوخەی کەئەم ولاتەپییدا تیپەردەبیت، لەچەند دیریکی خوارەوەش هەول دەدەم تیشک بخەمەسە ر ئەم بارودوخانە.

لەبارەی دەرەکیش سەپاندنی خوی وەک سەیدوقسەکەری جیهان و خو تیوەگلاندن ودەست خستنەناو سیاسەتی ناوخوی ولاتانی روژهەلات وجیهانی سییەم و زوربەی جیهان بەتایبەتی دوای رووخانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دیواربلوکی ئەلمانیا و لیکهەلوەشانی رووسیای قەیسەری پیشوو ئەمریکا کەوتەخوی بو سەرکردایەتی کردنی جیهان و بلاوکردنەوەی دیموکراسی ئەمریکی وبەدیموکراسی کردنی ئەم ولاتانەی کەپاشماوەی لیکهەلوەشاوین و یانیش دوای جەنگی جیهانی دووەم دروست بوون وتازەفراژون.

ئەم هوکارانەی کەباسم کردن بەشیوەیەکی گشتی فوبیایەکیان خولقاندوەو بوون بەهەوینی هەلدیران و روچونی دەسەلاتی ئەمریکا لەبەردەم کیشگەلەکانی ودەستەوەستان لەبەردەم کومەلیک پرسیاری بیوە لام.

لایەنیکی ترسەرمایەیەزوربەی زوری ئەم ولاتانەی کەتا ئیستا ئابوریەکی بەهیزیان نیەو هەرخەریکی کاسەلیسی وچلکاوخورین و بەنانی ئەمریکا دەژین بەشیکی زوری داهاتیان لەسەر ئەمریکا وئابووری ئە مریکایە، دەشیت بلیم کین ئەوانەی کەلەسەر ژیر خانی ئابوری ئەمریکا دەژین؟ یاخود بەشیوەیەک ئە مریکا لەپشت دارایەکانیانەوەیە دیارەروسیای داپلوسکراو وتورکیای رادیکالی وکوبای کاسترو وکولومبیایی ولاتی ماددەبیهوشکەرەکان ولاتانی تری ئەمریکای باشورهەریەکەلەبەرزایل وپاراگوایی وئوروگوایی و ولاتانی تری روژهەلاتی ئەروپاو روژهەلاتی ناوەراستیش بیبەش نەبوون لەم حالەتە.

بەشیوەیەکی زور زەق دوای کەرتبونی روسیایی کون وئەلمانیای خاوەن هیتلەر ئەمریکا دەستی خستەناو دارایەکانیانەوەو وای لیکردن بەشی مانەوەو نەمانیان هەبیت و نەبیت وئابووری ئەمریکاش ئەرکی ئەوە ی کەوتەسەر کەوەک مشەخور بینان ژینیت، هەریەکەلەجورجیا ورومانیا وئوکرانیاوسلوفاکیاو هتد... نمونەی بەرچاون وخودی سەرمایەش رولی گەورەی هەیەلەم لاوازیەی چاوەریی ئەمریکا دەکریت وەک ئە وەی وتم هەبونی مشەخور جەستەبوگەنیو دەکات و کەرو ئینتاج دەکات.

ئەمانەی سەرەوەلەلایەک و لایەکی تری سایکولوجیستیانەش وەک خو بەقەبەزانین وحالەتی دەروونی خە لکی سوپەرمەیسی ئەمریکییەلەسەرقافلەکردنی جیهان ودروستکردنی گونجاندنیک لەنیوانی خویان وئەو فەلسەفەیەی کەکاری لەسەر دەکەن بو مانەوەیان لەپروسەی سەرکردایەتی و رابەری کردنی جیهاندا بە لایەکی تر.

نابیت لەبیرمان بچیت ئەمریکیەکان دەستبەرداری زوربەهای خویان نابن کەلایان موتلەق و رەهایەوەک نەوەی جورج واشنتون کەئەمەش شیوەغروریەکی پیبەخشیون لەم سەرقافلەگیریەدا.

ئیستاتیکای ژیاری خەلکی ئەمریکا و ئەقلیەتی ئەمریکایەکان ئیستا لەبەردەم ئەو کاریزمایەی کە هە یانەو فەخری پیوەدەکەن بووەتەجورەمیراتیکی سەردەم و زەبەلاحیەتی ئاقلمەندی ئەمریکا لەدنیای سیاسەتبازیدا وا خەریکەدەبیتەناویکی ستوک وئیکسپایەر، ئاخرئەوەی ئەمرو روویدەدات لەسەنتەری روژهەلاتی ناوەرست کەعیراقەئەمریکیەکانی شوک کردووەیاخود توشی مەهزلەیەک کردووەکەخوشیان دە زانن کەدوا مەهزەلەیەوبەرخویان کەوتوە، هەرچی خەلکیشەتەرکیز ودیقەتدانیانەلەبریارەکانیجورج بوشی سەروک وەک سەروکیک کەزور راشکاوانەدرکاندی وئاشکرای کرد بەچەشنەشیوەیەک کەئەمریکا لە پروسەکویخایتەکەی فەشەلی هینا، جا لەدەمی خویەوەبیت یان کەسانی ناو حکومەتەکەی هەمان شتە.

هەر بو تیشک خستنەئەمەی سەر ئەم قسەیەکاتیک وەزیری بەرگری ئەمریکا لەکوبونەوەی لەگەل وە زیریکی ئیسرایلدا بەراشکاوی وتی ئیمەفەشەلمان هینا لەپلانی ئەمنی پاراستنی بەغدای پایتەخت*ئەمە ش کاتیک بوو کەئەم روژەزیاد لە170 کەس لەناوچەی سەدرو سەدریەهەریمی شیعەدا کوژرا بوون، هەلبە ت پلانەکەی پایتەختدواکارت و دواچانسی بردنەوەی یاریەکەی بوش بوو بەراگرتنی بالانسی دەسەلاتیان لەعیراق وبە شیوەیەکی گشتی لەدژی نەیارەکانیان لەجیهاندا، بوش خویشی دوای سەری سال چەندین جار ئەمەی دەربریوەکەچانسیکی گەورەیەبو گیرانەوەی ئەم هەیمەنەیەی کەهەیانە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

19-5-2007 0:02بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

دیارەفەشەل هینانی دەسەلاتی سەرکردایەتی نیشانەی ناتەندروستی وناساخلەمی لیبەدیاردەکەون و ئە
م وەزیرەی کابینەکەی بوش لەخویەوەئەم قسەی نەکرد سەبارەت بەفەشەل هینانی پلانەکەی بەغداد لە
کاتیکدا ئەم وەزیری بەرگریە کەئەمەخوی یەکیکەلەناسخلەمیەکانی حکومەتەکەی بوش، پیشتریش بوش
خوی چەند جاریک ئیشارەتی بەوەکردبوو کەگەر ئەم پلانەسەری نەگرت ناچاردەبن ریگای تر بگرنەبەر وە
ک سەربازەکانیان بکیشنەوەیان خوی دەست لەکار بکیشیتەوەلەو پوستەی کەهەیەتی * کەئەمەیان
شیاوترەوەک لەوەی باس لەکیشانەوەی سەربازانیان بکریت لای کوماریەکان چونکەباس کردن لەکیشانەوە
ی سەربازان دەبیتەهوی ئەوەی کەلاکی ئەقلی سەربازی هەموویان بکەویت بەدەستی دەمامکدارەریش
چلکنەکانی عیراق وهاوپیچ نەکیشانەوەش ئەمەی لیدەکەویتەوەکەلەمانگیکدا 67 چەکداری ئەمریکی
بکوژرین.

دیارەهەر ئەم شەمشەمەکویرانەبوون کەقەبریکی ئەهریمەنیان لە11 سیپتەمبەر و ئیستاش لەعیراق وئە
فغانستان بو بوش ودیموکراسیەکەیان هەلکەندو دەسەلات و زلهیزی ئەمریکایان خستەزبلدانی قەبرەوەو
ئەوخوزل زانینەیان کرد بەچیروک وحیکایەتیکی بیمانا بو ئەمریکیەکان تەنانەت بو بەدەرسیک بو خە
لکانی تریش لەزوربەی قوژبنەکانی جیهان کەوەک ئەوان بیر دەکەنەوە.

گەرچی نەبوش ونەدەسەلاتی ئەمریکاش بانگەشەی دارووخانی ئەم هەیمەنیان رانگەیاندوەناشتوانن
ئاوا بەزەقی باسی کەن بەلام دورانی لەجەنگی عیراق ئەمەی دەرخست کەولاتیکی چەندەزەبەلاحەئەوە
ندەش گەندەلەو گەندەلی لەهەناوی دەسەلاتەکەیدا یاری دەکات، پیلوسی سەردانی سوریا دەکات جورج
بوشیش نارازیەدەلیت مافی هەلوەشاندنەوەبەکاردینم و وەک بەکاریشی هینا*و کونگریسیش لەبەردەم هە
رەشەوفشاری گەورەی دیموکراتەکان و سەرفنەکردنی داهات و بودجەبو هەردوو بەرەی جەنگی ئە
فغانستان وعیراقدایەئەوەش دەرەنجامی سیاسەتەهەلەکانی بوشەبەقسەی نەیارەکانی لەناوخوی ئە
مریکا، قوستنەوەی ئەم فرسەتەبو گرتنەدەستی جلەوی دەسەلات لەلایەن دژەکورسیەکانیەوەبەردەوامەئە
واتا هیلاری کلینتون وتی گەر بوش سەربازەکانمان نەکیشیتەوەئەگەر من بوم بەسەروک ئەوا دەیانکیشمە
وە* بەهەمان شیوەبو سەروک ودەسەلات دارانی ئەمریکا و رکابەرەدەسەلات ویستەکانی تریش ئەوەروون
بووەکەئەستەمە و زەحمەتەلەولاتیکی فرچک گرتوو بەئاشوبەدیموکراسی بچەسپینی و وە بانگەشکردن بە
قسەی زل وپوچ نابیت وئەنجامی ترسناکی بەدواوە دەبیت وەک ئەوەی دەیبینین هەموو زەبەلاحی ئەمریکا
لەدەستی چەند بەکریگیراویکی هەلگەراوەی خویان یاری پیدەکریت و نە پیلوسی نەکەسیکی تریش دە
توانیت ئەم ئالوزیەبەرەو ئاقاریکی ئیجابی ببات، چەند هەفتەیەک لەمەوبەر بەناچاری بوش وتی خە
لکی ئەمریکامان بیتاقەت کرد لەجەنگی عیراقدا ئەو جەنگەی بەلەهاوکیشەخەیالیەکەی ئەواندا زور
شتی ئالوزکردو زورشتی لیسەندنەوە ئەو جەنگەی باجەکەی تا چەند سالی داهاتووش هەردەیدەن.

گەر بوش وئەوانی تریش کەبەدوایدا دین بو سەر کورسی دەسەلات هەمان ریچکەی گرژی وئالوزی بگرنەبە
ر لەبەرامبەری ئیران وسوریادا ئەوا ئەم ولاتەی خوی بەئاغا دەزانیت دەبیت جاریکیتر بیتەوەبەجوتیار
لەدنیای سیاسەتبازیشدا هەر وایەسەرکەوتن بو سەرلوتکەدابەزینی بە دوایەبەلام ئایا ئەمریکا لەلوتکە
یە؟

هەلبەت ئەم قسەیەی بوش ئەوەی پیوتین کەنەخیر لەلوتکەنین وەک ئەوەی ئەوان بوی چون گەرنا وا
توشی ئەزمەیەک نەدەبوون کەلەشاریکدا مال ومال کولان وجاددەبەرامبەر بەیەک وەستا بن کەسیان ئە
ویتریان قبول نەکات کەچی بوش دەیەویت دەرمانی دیموکراسی بلاوکاتەوە.

ئەم هەرەس هینانەی بوش لەپلانەکەی بەغداد شتیکی ئاسایی وچاوەریکراوبوو کەهەلبەت دەرەنجامی ئە
م هەموو کاولکاری ورەشەکوژی وتوندوتیژیەیەکەلەعیراقدا سەریهەلداوەوهەموو زەبەلاحیەتی دەسەلاتی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ناوبراوی لەبەردەم شەرەکولانەیەکی بەغداد دا دەستەوەستان کردووەوفیلمیکی تایفی ومەزهەبی خولقاندووەبی سیناریو.

لیرەدا پرسیاریکی زور گرنگ خوی دەسەپینی ئەویش ئەوەیەئایا کوتایی ئەمریکاییزم نیە وەک ئیفلاس بوونی دەسەلاتەکەی؟ یاخود لەپشت هەموو قرکوژی وبەشەرکوژیەکانی ناو عیراقدا ئەوان و بەژداریان هە یەبەشیوەیەک لەشیوەکان، کەئەمەش پرسیاریکی ئیسلامیانەیەوخودی ئەمریکا لای زوربەی ئیسلامیەکان تیرورچی وئیرهابچیەهەر ئەویش سەرچاوەی هەموو ئاشوبەکانەلەعیراقدا.

بیگومان ئەمریکا ناچارنەبووەئەمرو بەشکست رازی بیت وهەموو سەروەریەکانی خوی بخاتەژیر پیی چەند ریش دریژیکی دینی وموقەدەسچی بەلام هیماکانی هەرس هینان فیلمیکی ترەو وا خەریکەقسەی لەسەر دە کریت لەگورەپانی ئینسان کوژی عیراق، لایەکی تریش دەروازەی پرسیاریکی گرنگ جیگای هەیەئەویش ئایا ولاتی ناوبراو هەروا ئاسان روەو هەرەس هینان دەروات یان ئەوەخالەسەرەتاکانی دارمانن کەئەوە شیان پرسیاریکیترە؟من دلنیام کەئەمەکروکی داهیزرانی دەسەلاتی ناوبراوەو دوا یاری کویخایەتیشیەتی کەبەناچاری دەبیت بلیت ئیمەشکستمان خواردو کەواتەئیمەکویخا نین ئەوەی کەباس دەکریت هەرەسی ئەمریکاییزم راستەوقسەی نوسەرو روژنامەنوسان نیەبوتەواقیع.

*نوسینیکی کەنالی بی بی سیەسەبارەت بە 11 ملیون پەنابەر کەداوای مافی هاولاتیبون دەکەن لەویلایە تەیەکگرتوەکانی ئەمریکا ریژەیەکی زوریان کاریبین وهەروەها ئاسیەوی وئەفریقیش تیدان.

(bbc. co. uk) website 2. may 2007 .

ت پیکرد. ی ئیشارەمەروژی 19 نیسانی 2007 ئەمریکا لەرگری ئەزیری بە* وە
شیت ی دەکەشکستی پلانەکەیاندووەلمالیکی راگەدکتور نوری ئەی بەمەفون ئەلەتەبەممەکشە* روژی یە
روژی 29 نیسانی 2007 نالی ئاسمانی کوردستان تی فی لەوالیکی کەپیی هەبەوەویتەی لیبکەمەئە

مافی ت بەبارەسەریتانیەفزیونی بی بی سی بەلەنالی تە) *مانشیتی کە Bush vetos Iraq withdrawl bill (
ل گەلەربازان وکەی سەوەل هینان وکیشانەشەفەت بەبارەسەی بوشەکەش قسەمەفیتوی جورج بوش ئە
وەکناگریتەرگری یەزیری بەی وەکەقسە (Mr Bush said "setting a date for failure" in Iraq. (www. bbc. co. uk) wbesite ،1. may. 2007

* (If this president does not get us out of Iraq ،when I am president ،I will) said: new York senator Hillary Clinton. BBC NEWS TV. also in (bbc. co. uk) website

کانی زانکوی سەبلاوکراوەکیک لەیەلەوەبلاوکردەم ناونیشانەسالی 2004 نوسینیکی ترم بەتیبینی: لە
ی جیاوازتر. روک جیاو فکرەناوەلام بەددین بەلاحە
5 ئایاری 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.